# كفره جوانەكان
# لە شعری كلاسیكی كوردی


## هەندرێن حەمەدەمین



Handren88@hotmail.com


شعری كلاسیكی كوردی بە دەوڵەمەندترینی جۆرەكانی ئەدەب ئەژمێردرێت لە ناو ئەدەبی كوردیدا، لە هەمان كات كۆنترین بواری ئەدەبی كوردیە كە تا ئەمڕۆ لە ژێر دەست دایە، بە هەموو هەوڵ و تەقەلا جیاوازەكان بۆ كۆكردنەوەی شعری كلاسیكی كوردی دەبێ هێشتا باوڕی ئەوەمان هەبێت كە ڕێژەیەكی زۆریشی فەوتاوە .
بە هەرحال ئێمە باس لەوەندە ئەكەین كە لە ژێر دەست دایە، وە بە تایبەت ئەوەندەی كە من ئێستا لە ژێر دەستم دایە، ئەوەی كە جێگای تێبینیە هەموو كۆكەرەوە و لێكۆڵەرەوەكانی شعری كلاسكی كوردی خوێنەر بەو ئاڕاستەیە ئەبەن كە هەموو ئەو شاعیرانە كەسانێكی خودا پەرست ئیماندار و موسلمان بوونە، ئەمەشیان بە نووسینەوەی ژیاننامەكانیان كە هەموویان لە حوجرەكان خوێندویانە و زۆریشیان ئیجازەی مەلایەتیان وەرگرتووە یان بە لێكدانەوەی هەندێك لە شعرەكانیان كە بۆچوون و تێگەیشتنێكی دینیانەیان تێدایە، لە كاتێكدا نەیانتوانیوە تێبینی ئەو كوفرانە بكەن كە لە شعرەكانیان دەرئەكەوێت، وە ئەگەر تێبیبیشیان كردبێت ئەوە یان لێكدانەوەیەكی روكەشانەیان بۆ كردوە یان خۆیانیان لێی لاداوە .
بەداخەوە من تا ئستا نووسراوەیەكم نەبینیوە كە باس لەو كوفرانە بكات، بۆیە من لێرە بە ئەركی خۆم زانی كە تیشك بخەمە سەر ئەو كوفرە جوانانەی ناو شعری كلاسیكی كوردی .

### بۆ كوفرە جوانەكان؟؟؟؟

كاتێك كە عشق پیرۆزیەكان تێكئەشكێنێت و دەرگا و پەنجەرەكان والا ئەكات و لە ئازادی هەست و غەریزەكان بیر لە ژیان ئەكاتەوە، ئەو كاتەیە كە روخساری گۆڕانكاریەكان جوانیەكی هونەرمەندانە بەخۆوە ئەگرێت و دوور لە هەموو ئایدیۆلۆجیایەك بەها مرۆیەكان ئەبن بە هەوێنی ژیانێكی بەختەوەرانە، شاعیری كلاسیكی كورد نەهاتووە بە بەرنامەیەكی سیاسیانە ڕاست و چەپێك بەسەر خودا و الله و ئیسلام و قیامەت و بەهەشت و هەموو پیرۆزیەكانیتر بێنێت، بەلكو هاتووە بە عشق ئەم پیرۆزیانە تێك ئەشكێنێت و بە ئاگا و بێئاگا كوفر ئەكات، بۆ ئەمەش وا بە باش ئەزانم كە لە خوارەوە لەگەڵ هێنانەوەی نمونەكان باس لەو كوفرە جوانانە بكەین.

### نالی ئەڵێ:

كە تۆ قیبلەی دەمت سابێنە قوربان

## لەسەر قوبلە دڵم مەشێنە قوربان

ئەم نمونانە کوفرەکانیان تەواو تیادا ئاشکرا و دیارە، گەڵێک جار لێکدەرەوەکانی ئەم شعرە کلاسیکیانە رووبەڕووی ئەم کوفرانە بوونەتەوە و هەوڵیانداوە کە لێکدانەوەیەکی وای بۆ بکەن لەگەڵ ئاینی ئیسلام و باوڕەکانی خۆیان بیهێنەوە، بۆ ئەمەش زۆر جار گووتوویانە شاعیر کە وتوویەتی یار مەبەستی پێغەمبەر بووە یان شاعیر عاشقی خودا و دین بووە، بەڵام بابزانین لەم دێرە شعرەی نالی دین و الله و خودا و پێغەمبەر لەکوێن، دەبێت نالی بە چ کەسێکی گووتبێت کە تۆ قیبلەی، دیارە بە ئاشکرا دیارە کە بە کەس گووتراوە، لەپێش هەموو شتێک لە ئیسلامدا ناکرێت جگە لە کەعبە هیچ شتێکیتر بە قیبلە بزانیت وە بە تایبەت ناکرێت کە کەس بکرێت بە قیبلە ئەو کەسە هەر کەسێک بێت، دوایی نالی هەر بەوە ناوەستێت کە ئەو کەسە قیبلەیە و بەس داوای لێئەکات کە دەمی بێنێت و ماچی بداتێ، جا نازانم دەبێ نالی داوای ماچی ناو دەم لە چ کەسێک بکات ؟ ئێوە بڵێن ئەو داوایە لە پێغەمبەر بکات ؟؟ ئەوا لە کاتێک کە ناکرێت پێغەمبەریش بکرێت بە قیبلە، دوایی پێشی وایە ئەگەر ئەو ماچەی نەدرێتێ ئەوا دڵی ئەشکێت، زۆر رون و ئاشکرایە کە نالی خۆشەویستەکەی خۆی بە قیبلە ئەزانێت و کوفر ئەکات و بۆ ماچێکی یارەکەی لە ئیمان وەرئەگەڕێت، ئەم کوفرانە جوانیەکەیان لەوەدایە کە هەستی خوێنەر بە خۆشیەک ئەجوڵێنن دونیایەک لە لەزەتی پێئەبەخشن، نالی لە جیاتی ئەوەی کەعبە و بەردی رەش بە قیبلەی خۆی بزانێ ئەوا یارەکەی بە قیبلەی خۆی ئەزانێ، ئەی کوفر لەوە زیاتر ئەبێت چی بێت

### دیسان نالی:

### خاڵت چیە دانەی گەنمی جەننەتی روومەت

### چاوت چییە فیتنەی حەرەمی قیبلەی ئەبرۆ

ئەلێرەدا نالی روومەتی خوشەویستەکەی بە بەهەشت ئەچوێنێت، دیارە پێشتر باس لەوە کراوە یان خەلکیتر لەوە گەیشتوە کە نالی روومەتی خۆشەویستەکەی بە بەهەشت چواندوە، بەڵام یان درکی بەوە نەکردووە کە ئەوە کوفرە یان خۆی لێی لاداوە، ئەوە چ باوڕداریەکی نالیە کە ئەو بەهەشتەی ئەبێتە دوا شوێنی هەموو پێخەمبەر و مرۆڤە باشەکان بچوکی بکاتەوە و بیهێنێتە ئاستی رووومەتی خۆشەویستەکەی؟؟ دوای ئەوەش دێت ئەبرۆی خوشەویستەکەی ئەکات بە قیبلە، لە کاتێک موسلمان تەنها یەک قیبلەی هەیە ئەویش کەعبەیە.

من لێرەدا ئەمەوێت بێمە ناو باسەکە، کە کەسی موسڵمان و ئیماندار و الله و خودا ناسی تەواو ئەگەر باوڕی بە زیندووبوونەوە و رۆژی قیامەت هەبێت هەرگیز بۆ شعر یان بۆ خۆشەویست خۆی تووشی ئەم کوفرانە ناکات، کەواتە ئەمانە نیشانەی باوڕ لاوازین ئەگەر نیشانەی تەواو بێباوڕی نەبن، دیارە زۆر هەوڵی ئەوە دراوە کە پاساو بۆ ئەم کوفرانە بێنەوە، ئەوەش بۆ ئەو چەواشەکاریە بووە کە وویستویانە خوێنەری کورد بەوە فریوو بدەن کە بنجینەو بنەمای ئێمەی کورد ئیسلام بووە، ئەم شعر و شاعیرانەشیان کردوە بە بەڵگە، لە کاتێکدا ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر ئەوە ئاشکرایە کە کورد بە ئارەزووی خۆی موسڵمان نەبووە، بەڵکو بە هێزی شومشێر کراوە بە ئیسلام، وە ئەم شعر و شاعیرانە کوفرەکانیان نیشانەی ئەو بێباوڕیەیە.

ئەگەر لەگەڵ نمونەکانیتری بەردەستم بەردەوام بین ئەوا کوفری جوانتر و جوانتریش ئەبینین.

### دیسان نالی:

### شەڕابی لەعلی رۆمانی لە نالی

### حەرامە بێ مەزەی ماچێکی لێوان

دیارە ئەلێرە نالی وەک پیر و موغەکانی ئاینە کۆنەکانی کورد شەڕاب حەرام ناکات کاتێک لەگەڵ مەزی ماچی لێوان بخورێتەوە، ئێمە ئەبێت لە خۆمان بپرسین ئەگەر نالی موسڵمان و زانا و ئیماندار و الله و خوداناسێکی وا بووبێت کە هەندێک لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان بۆ چەواشەکردن بانگەشەی بۆ ئەکەن، ئەوا ئەو دێرە شعرەی ئەبێت بە فتوا بخوێندرێتەوە و لای موسڵمانانیش شەڕاب لەگەڵ ماچی لێوان حەلال بکرێت، ئەگەر نا ئەوە تەنها گەڕانەوەی نالیە بۆ ئاین و بیر و باوڕە کۆنەکانی کورد کە شەڕابیان حەرام نەکردوە.

### دیسان نالی:

**تاقی میحرابی برۆت جێی نازە بۆ ئەهلی نیاز**

**سۆفی نەیزانی کەچی هێندە کەر بوو خۆی گێڕایەوە**

ئەمە و چەندین نمونەیتر هەن، ئەگەر خوێندنەوەیەکی قوڵ و بەرفرەوان بۆ هەموو شعرەکانی نالی بکەین، ئەوەی سەرەوە تەنها ئەو دێڕە شعریانەن کە لە پەرتوکی ( فەرهەنگی هەڵبەست)ی ئەحمەد رەشواندیا کۆکراونەتەوە، ئەمانەی خوارەوەش هەر هەمان سەرچاوەن، بۆیە پێویستە من لێرەدا خوێنەر ئاگادار بکەمەوە کە من بۆ ئەم نووسینە تاکە سەرچاوەم فەرهەنگی هەڵبەستە کە خۆشحاڵانە چەندین دێرە شعری جوان جوانی کۆمەڵێک شاعیری کوردی تیا کۆکراوەتەوە، هیوادارم کە ئەمە سەرەتایەک بێت بۆ خۆم و بۆ نووسەر و رۆشەنبیران کە بەدواداچونێکی فرەوانتر بۆ ئەو کوفرە جوانانەی ناو شعری کلاسیکی کوردی بکەین،

لە دوای ئەم کوفرە جوانانەی نالی با ئستا بپەرینەوە سەر هەندێک لە کفرە جوانەکانی وەفایی، بابزانین وەفایی چۆن خۆشەویستی یارەکەی بەرەو کوفرکردنی ئەبات و چۆن دین و ئیمان لە دەست دەدات

**وەفایی ئەڵێ:**

**بە جارێکی تەماشای تۆ فیدات بم هاو دڵ و دینم**

**ئەگەر سەد جار قیامەت بێ دەمێکی هەستە بتبینم**

ئەلێرە وەفایی بۆ بینینی خۆشەویستەکەی ئامادەیە دەسبەرداری بەهەشت بێت و زۆر بەبێ منەتانە لە قیامەت رائەمێنێت و نەک بە جارێک بەلکو لە سەدجار بوونی قیامەتیش دەست لە بینینی دەمێکی یارەکەی هەڵناگرێت، کەواتە وەفایی ئەزانێ کە بینینی یارەکەی بە پێی بیروباوڕی ئسلام حەرامە، رێگا پێنەدراوە، وە ئەزانێت بە تێگەیشتنی ئیسلام سزای ئەم بینینە لە قیامەت ئازار و ئەشکەنجەیە، واتە وەفایی بێئاگا نیە لەو باسانەی ئیسلام، کەواتە ئەوە بێباوڕی وەفایی ئەسەلمێنێت، چونکە ئەگەر وەفایی بەڕاستی باوڕی بە قیامەت و سزاکانی الله هەبێت ئەوا هەرگیز وا بەبێ منەتانە و بێباکانە باس لە بوونی قیامەت ناکات، وە ئەگەر وەفایی کەمترین باوڕی بوایە ئەوا ئامادە نە ئەبوو بۆ بینینی دەمێکی یارەکەی خۆی بخاتە بەر ئازاری قیامەت، قیامەت لە باوڕی ئسلامدا یەکێکە لە روکنەکانی ئیمان، بەڵام وەفایی زۆر بێباکە لەو قیامەتەی وەک ئسلام گوتەنێ هەموو راستی و هەڵەیەکی تیا لە یەکتر جیا ئەکرێتەوە و باش و خراپ هەمووی لەوێوە دەرئەکەوێت.

**دیسان وەفایی:**

**گەردشی چاوت قراری عاشقی مسکین دەبا**

**ساحری چاو بەستە ئارێ دڵ دەکێشێ دین دەبا**

ئەلێرەش جارێکیتر وەفایی وەک عاشقێک و گیرۆدەیی یارەکەی، ئەو یارەی کە ئارێ دڵ دەکێشێ وە دین ئەبا، وەفایی ئەو کەسە بە خۆشەویستی خۆی ئەزانێ ئەگەرچی ئەو کەسە دین بەرە، واتە دینەکەی لەدەست ئەدات، وەفایی خۆی بە عاشقێکی مسکین ئەبینێت و گیرۆدەی کەسێکە کە وەک ساحیر بە چاوەکانی کافری ئەکات.

**دیسان وەفایی:**

**دەمێک ساقی دەمت بێنە دەخیلی چاوەکانت بم**

**بە جامێک دەستی من بگرە فیدای پیری موغانت بم**

وەفایی پەنا بۆ ساقی ئەبات و دەخیلی ئەبێت بۆ ئەوەی بە جامێک یارمەتی بدات و دەستی بگرێت، هەر بەوەش ناوەستێت بەلکو قوربانی پیری موغانیش ئەبێت، دیارە لەسەرەوە لە نمونەکانی نالی باسمان لەوە کرد کە چۆن شاعیری کورد بە گەڕانەوەی بۆ بیروباوڕە کۆنەکانی ئەو دینانەی بەر لە ئیسلام لە ناو کورد باو بوون، وەک ئەوەی کە شەراب و مەیان حەرام نەکردوە، ئەوا لێرە وەفایی بەڕاشکاوەنەتر ئەگەڕێتەوە بۆ دینەکانی پێش ئسلام و ئەبیتە قوربانی پیری موغان، ئەمەش لە ئیسلام بە مورتەد واتە هەڵگەڕاوە ئەژمێردرێت و سزای کوشتنی بەسەردا ئەدرێت.

**دیسان وەفایی:**

**لێوی ئاڵ و چاوی کاڵت بۆتە فیتنەی دین و دڵ**

## حەقیەتی بیللا وەفایی دەست لە ئیمان بەر دەدا

تا دێت کوفرەکان رونتر و ئاشکراترو دیارتر ئەبن، وەفایی ئەزانێ کە لێوی خۆشەویستەکەی بۆتە فیتنەی دین و کاریگەری لەسەر بێدین بوونی ئەو دروست کردوە، لەگەڵ ئەوەش هەر بە خۆشەویستانە لێی ئەڕوانێت و ئەو حەقەش بە خۆی ئەدات کە بۆ لێوە ئاڵەکانی ئەو شۆخە دەست لە ئیمان بەردات و وەکو جارەکانیتر کافر ببێتەوە.

### دیسان وەفایی:

**لەسەر تاقی دوو ئەبرۆت مەیلی زوڵفان دەمکێشێ**

**خۆ وەختە من کافر بم چیبکەم قیبلەم گۆڕاوە**

ئەلێرەش وەفایی لەسەر تاقی دوو ئەبرۆی یارەکەی دان بوە ئەنێت کە خەریکە کافر ببێت و تاکیدیش لەوە ئەکاتەوە کە قیبلەکەی گۆڕاوە، واتە وەفایی باش ئەزانێ قیبلە گۆڕین کافر بوونە، بەڵام ئەو دوو تاقەی سەر ئەبرۆ قیبلە بە وەفایی ئەگوڕن و خۆشی واتە وەفایی هەست بەو کافر بوونەی خۆی ئەکات.

### دیسان وەفایی:

**چیم لە ئەبرۆت داوە من پابەندی زوڵفم لێم گەڕێ**

**کافری عیشقم بە قیبلەی خۆت موسلمانم مەکە**

سەیرکەن ئەوە دوای کافر بوونیەتی، ئەلێرە وەفایی دان بەوە ئەنێت کە ئەو تەواو کافری عشق بووە و بە هۆی پابەند بوونی بە زوڵفی یارەکەی، لەگەڵ ئەوەش نایەوێت موسڵمان بێتەوە.

### دیسان وەفایی:

**تاقی پەیوەستی برۆت وا بوو بە قیبلەی خاس و عام**

**کعبە گەر بۆ خۆی بزانێ پشتی میحرابی شکا**

لە دوا نمونەی شعرەکانی وەفایی ئەوەی کە سەرنج رائەکێشێت، وەفایی پێ وایە کە تاقی برۆی یارەکەی بۆتە قیبلەی هەموو کەس نەوەک هەر قیبلەی وەفایی و بەس، بۆتە قیبلەی خاس و عام، ئەوەش نەوەک هەر وەستانە بە کافر بوونی خۆی بەلکو پێی وایە کە ئەم کافر بوونە سەرتا سەری گرتۆتەوە، لەوەش زیاتر تەکید لەسەر ئەوە ئەکاتەوە کە ئەگەر کاعبەش وەکو ئەمان بەو تاقی برۆیانە بزانێت ئەوا پشتی میحرابەکەی ئەشکێت، وەفایی بەو کافر بوونەی خۆی و هەمووان بە خاس و بە عام نەوەک هەر پەشێمان نیە و پێی وابێت هەڵەیە بەلکو پێی وایە کە ئەگەر کعبەش بەمە بزانێت ئەوا تێک ئەشکێت.

### تاهیر بەگی جاف ئەڵێ:

**کە من محرابی ئەبرۆی تۆ مەقامی سەجدەگاهم بێ**

**ئیتر وەک زاهیدی خودبین، لە مەوعیدی جنانم بێ ؟**

ئەمەشیان نمونەیەکە لە کوفرە جوانەکانی تاهیر بەگی جاف، کە تاهیر بەگ ئەبرۆی خۆشەویستەکەی ئەکات بە میحراب و لە هەمان کات ئەیهێنێتە ئاست شوێنی سوجدە بردنەکانی ئەوا کوفرێکی تەواو ئاشکرا و دیارە، چونکە چاو و برۆی هیچ کەسێک نابێت بە میحراب بۆ خەلکی موسڵمان، وە ناکرێت کەسی موسڵمان سوجدەکانی و جێگای سوجدەکان هەرگیز نابێت لە کەسێکدا کۆببێتەوە، بەڵام وا دیارە تاهیر بەگ بەم شێوەیە خۆشی دێنێتە ریزی زاهید و ئەو سنوور و پیرۆزیە تێکئەشکێنێت کە ئیسلام ئەیدات بە میحرابە تایبەتیەکانی و بە کەسە تایبەتیەکانی وە تاهیر بەگ زۆر بە دڵنیایەوە پێی وایە کە ئەو محرابی برۆی خۆشەویستەکەی کردۆتە مەقامی سوجدەکانی ئەوا لەگەڵ زاهید جیاوازی نابێت.

### کوردی ئەڵێ:

**گەر موخەیربم لە مابەینی بەهەشت و وەسڵی یار**

**وەسڵی تۆ بۆ من جەهەنەم پڕ لە جەنەت نامەوێ**

کوردش وەک ئەونی پێشتر عشق بەرەو کوفری ئەبات و لە کاتێکە کە ئازادی بکەن لە نێوان گەیشتن بە خۆشەویستەکەی یان چوونی بۆ بە هەشت ئەوا دیارە کوردی زۆر بەبێ باکانە گەیشتن بە یارەکەی هەڵئەبژێرێت و جەنەتی ناوێت، هەر کەسێک باوڕی تەواوی بە بەهەشت و قیامەت و زیندووبوونەوە و الله و سزا و ئەم شتانە هەبێت ئەوا هەرگیز لە مابەینی بەهەشت و وەسڵی یار واتە گەیشتن بە یار، وەسڵی یار هەڵنابژێرێت، لە کاتێکدا کە ئەم وەسڵە(گەیشتنە) ئەگەر جەهەنمیش بێت، دیارە شاعیر ئەوەندەی شەیدای گەیشتنە بە یارەکەی لەگەڵ هەموو ناخۆشیەک ئەوەندە شەیدای بەهەشت نیە، ئەوەش جگە لە نەبوونی ئیمان یان ئەوپەڕی ئیمان لاوازی هیچیتر ناگەینێت.

## دیسان کوردی:

### غەم سەری لێ دام و یار قەت سەرێکی لێ نەدام

### سەبر و هۆشم ڕۆییوە، غارەت گەری دینم نەهات

زۆر جوانە، کفرێکی جوانە، کوردی بەوپەڕی پەرۆشیەوە چاوەڕێی هاتنی خۆشەویستەکەیەتی، سەبر و هۆشی نەماوە بۆ هاتنی ئەم یارە، لە کاتێک کە ئەزانێت ئەو یارەی ئەو غارەت گەری دینە، واتە ئەزانێ کە ئەگەر ئەو یارە بێت ئەوا دینەکەی لێ داگیر دەکات دەست بەسەر دینەکەی دائەگرێت لەگەڵ ئەوەش بەو پەڕی بێسەبریەوە چاوەڕوانە، دەبێت کوردی چەند لە دین بێزار بووبێت؟ تا بەو هەموو هەستەیەوە چاوەڕوانی هاتنی یار بکات و دینەکەی لەدەست بدات.

## دیسان کوردی:

### من کە رسوابووم و تەپڵی عاشقیم لێ دا ئیتر

### کوردی ئەز پەرواو سەر و ئیمان و گیان و دڵ نیە

لێرەدا کوردی بە ئاشکراتر بێباکی خۆی لە ئاست ئیمان ئەنوێنێت،وەک چۆن ناترسێت کە لە پێناو عشق سەر و گیان و دڵ لەدەست بدات ئاواش ناترسێت کە لە پیناو عشق ئیمانی لەدەست بدات.

## دیسان کوردی:

### تالانی سەر و ماڵم چاوی ڕەشی فەتانت

### پابەندی دڵ و دینم کاکۆڵی پەرێشانت

ئەگەر لێرەش سەرنجی ئەو دێڕە شعرە بدەین دەبینین کە ئەگەر کوردی دینێکیشی بووبێت ئەوە دینەکەی پابەندە بە کاکۆڵی پەرێشانی یارەکەی واتە پێیەکانی دینەکەی بەندکراون، دینێکی دیلی هەیە، ئەو دینە نیە کە ئیسلام پاگەندەی بۆ ئەکات، دینێکە کە کاکۆڵێک ئەتوانێ بیبەستێت و بەندی بکات.

## دیسان کوردی:

### روو لە قیبلەی مستفا ناکا دەڵێ کوردی هەتا

### تاقی میحرابی برۆی دەرخا لە عالەم ئەم بوتە

بەڵام لێرەدا کوفرەکە تەواو دیار و ئاشکرا و ڕونە، کوردی بەبێ پێچ و پەنا ئەڵێت روو لە قیبلەی موستەفا ناکات، دیارە لای هەر هەموومان ئاشکرایە موستەفا کێیە و قیبلەکەی چیە، وە هەموومان ئەزانین روو لە قیبلەکردن چیە و قیبلەی موستەفا یەکێکە لە بنەماکانی ئیسلام ئەو یاخی بوونەی کوردی لە قیبلە خۆی لە خۆیدا یاخی بوونە لە ئیسلام، ئەم یاخی بوونەی ئامانجەکەی لە نیو دێری دووەم دەر ئەکەوێت، کە لەوێش کوفرێکە تەواو دیار و ئاشکرایە، کوردی لە پێناو دەرکەوتنی تاقی محرابی برۆی یارەکەی یاخی ئەبێت لە قیبلەی موستەفا یارەکەشی بە بوت ئەچوێنێت ئەو بوتەی کە ئیسلام ڕەتی ئەکاتەوە و روو تێکردن و پەرستنی بە کوفر ئەزانێت .

## دیسان کوردی:

### لاوی قەد لاولاوی من گەر بە ناز چاو هەڵبڕێ

### وا دەزانم شێخ لە من زووتر لە ئیمان وەردەگەڕێ

جوانی کوفرەکەی کوردی لێرە ئەوەیە کە نەوەک هەر خۆی بۆ عشق بە کافر ئەزانێت بەلکو پێی وایە بەژن و باڵا و جوانی یارەکەی ئەوەندە کاریگەرە کە نەوەک هەر مەعشوقەکەی کە کوردیە لە ئیمان وەردەگەڕێت بەلکو شێخیش لە ئیمان وەردەگەڕێت واتە کافر ئەبێت، کەواتە لە دید و تێگەیشتنی کوردیدا چاو هەڵبڕینی یارەکەی بەناز ئەوە هەموو ئەو کەسانە کافر دەکات کە بیبینێ ئەگەر ئەو کەسە شێخ بێت ئەوا بەر لە کوردی ئیمانی لە دەست دەدات، ئەوەش ئەوە ئەگەینێت کە کوردی هەڵهێنانی چاوەکانی یارەکەی بینیوە و لە ئیمان وەرگەڕاوە، بۆیە جەخت لەوە ئەکاتەوە کە ئەم چاو هەڵهێنانە شێخیش لە ئیمان وەردەگەڕێنێت.

## سافی هیرانی

*سافی هیرانی کە بە کاکی هیرانیش ناسراوە، ئەم کەسە بەر لە هەموو شت بە شێخێکی بەناوباگی تەریقەتی قادری ناسراوە، خەلکێکی زۆری کوردستان بە مەزنیەکی لەڕادەبەدەر سەیری ئەکەن و تا ئێستا ئەو خەلکە سەردانی مەزارگاکەی ئەکات، کەچی ئەگەر ئێمە لە شعرەکانی وورد بینەوە لەگەڵێک شوێندا ئەم کوفرە جوانانەی تێبینی ئەکرێن.*

### سافی ئەڵێ:

### من گەدای کۆی نیگارم، پادشاهیم کەی دەوێ
### دەوڵەتی دونیا و قیامەت، بۆچیمە بێ چاوی یار

زۆر سەیرە کە کەسێکی باوڕدار و ئیسلام باوڕی بە بەهەشت و دۆزەخ هەبێت بەم شێوەیە بئاخڤێت، سافی کاتێک کە دەولەتی دونیا ڕەت ئەکاتەوە وە بەبێ چاوی یار نایەوێت زۆر ئاسایە، بەڵام ڕەتکردنەوەی دەوڵەتی قیامەت بەبێ چاوی یار جێگای وەستان و قسە لەسەر کردنە، ئەبێ بپرسین چۆن کەسێک باوڕی بە قیامەت هەبێت ڕەتی ئەکاتەوە، ئیسلام قیامەت بە گیانی ئەکرێت، مرۆڤی باوڕدار بە زیندووبوونەوە و لە پێناو بەهەشت کە دەوڵەتی قیامەتە ئامادەیە هەموو شتێک بکات خۆی و ماڵ و منداڵی بکاتە قوربانی کەچی سافی ئەڵێ بەبێ چاوی یار بۆچیمە، واتە نامەوێت، کەواتە لای سافی چاوی یار زۆر گرینگتر و مەبەستە لە دەوڵەتی قیامەت، هەندێک کەس ویستویەتی بڵێ سافی مەبەستی لە یار پێغەمبەرە، ئەگەر ئەمەش وابێت هەر جارێکیتر کوفرە، ڕەنگە ئەم جارەیان کوفرەکە گەورەتر بێت لەوەی کە یار خۆشەیستی بوویێت، چونکە ئەگەر مەبەستی پێغەمبەر بێت ئەوا گومانی سافی دەرئەخات سەبارەت بە چوونی پێغەمبەر بۆ بەهەشت، واتای شعرەکە لێرە وایلێدێت کە سافی بەبێ پێغەمبەر دەوڵەتی قیامەتی ناوێت، ئەوەش ئاگادارکردنەوەیەکە بەوەی ئەگەر دەوڵەتی قیامەتیان بەبێ چاوی پێغەمبەر بە سافی دا ئەوا سافی دڵی پێی خۆش نیە و بائاشکرا ئەڵێ بۆچیمە، بەڵام ئایا لە باوڕی ئیسلامدا بە هیچ شێوەیەک دەوڵەتی قیامەت بەبێ پێغەمبەر ئەبێت ؟ یان ئەو کەسەی کەوا گومان بکات ئەکرێ دەوڵەتی قیامەتی ببێت بەبێ پێغەمبەر، ئایا ئەوە کوفر ناکات ؟؟ لەلایەکیتر ئەگەر مەبەستی سافی لە یار پێغەمبەر بێت ئەمجارە وا دیار ئەکەوێت کە سافی خۆی خستۆتە پێش پێغەمبەر و وای تەسەور کردوە کە ئەو واتە سافی بەبێ چاوی پێغەمبەر دەوڵەتی قیامەتی دەست ئەکەوێت، بەڵام دڵی پێی خۆش نیە چونکە بەبێ چاوی یارە، بەهەر شێوەیەک و بە هەر هۆکارێک مرۆڤ کە بەهەشت واتە دەوڵەتی قیامەت ڕەتبکاتەوە ئەوە لەدەستدانی یەکێک لە بنەما هەرە گرینگەکانی ئیسلامە، لەدەستدانی ئەو بنەمایانەش ئەگەر کوفر نەبێت ئەبێ چی بێت ؟؟؟

### دیسان سافی:

### لەسەر خەتی جەمالی یار بە خەتی زوڵفی نوسرابوو
### لە ڕێی عەشقا موسڵمان کافرە، کافر موسڵمانە

ئەلێرەدا بە هیچ جۆرێک ناکرێت کە مەبەستی سافی لە یار پێغەمبەر بوویێت، چونکە ئەوە سیفەتێکە لەلای ئیسلام شایستە نیە بە پێغەمبەر، دوای ئەوە تەواو دیارە کە باس لە ئافرەت ئەکات بە باسی خەتی جەماڵ و باسی زوڵف، ڕەنگە بڵێن سافی لەسەر تەریقەتی قادری بووە و خاوەنی تەکیە و دەرویش بووە و لەم تەریقەتە دەروێشەکانیان کە

پیاویشن قژیان درێژ ئەکەن و ئەگەر بڵێین سافی وا تێگەیشتبێت کە پێغەمبەر قژی درێژ بووە و زوڵفی بووە و جوان بووە، ئەی چۆن ئەکرێت پێغەمبەر پێمان بڵێت کە لە ڕێی عشقا موسڵمان کافرە و کافر موسڵمان، خۆ ئەگەر وابێت سافیەکی عاشق بە پێغەمبەر و شێخ و موسڵمان، ئاشکرای کافر بوونی خۆی ئەکات، دیارە ئەمانەی کە پێیان وایە مەبەستی سافی لە یار پێغەمبەرە ئەوە جگە لە چەواشە بوون و چەواشەکاری هیچیتر ناگەیەن، سافی تەواو هەستی بەوە کردوە کە جوانی یارەکەی کافری کردوە، وە پێشی وایە کە کافریش بۆ جوانی خۆشەویستەکەی ئەبێت بە موسڵمان، واتە جوانی یارەکەی سافی لەسەروی دین و ئیمان و کافری موسڵمانیە.

## دیسان سافی:

### گوڵناری روخت رەشکی بە گوڵزاری ئیرەم دا
### دوو تاقی برۆت تەعنی لە میحرابی حەرەم دا

لەڕاستیدا من نامەوێت لەسەر هەموو ئەو دێرە شعریانە بە درێژی قسە بکەم چونکە کوفرەکان تەواو دیار و ئاشکران، من پێم خۆشە ئیسلامێک بۆمان باس بکات کە  چۆن ئەم نیو دێرەی دووەم کوفر نیە !! دوو تاقی برۆت تەعنی لە میحرابی حەرەمدا، لای ئیسلام چەند میحرابی حەرەم هەن ؟؟ وە ئەوەی باوڕی وا بێت کە ئەتواندرێت تەعن لە میحرابی حەرەم بدرێت ئەوا ئەبێت چ باوڕێکی بە ئەللە و بە پیرۆزی میحرابی حەرەم هەبووبێت ؟؟

## موخلس ئەڵێ:

### خاڵی سەر رووت وا لە جەنەت لافی شاهان لێ ئەدا
### بۆچ ئەڵێن کافر لە چوونی نێو بەهەشت مەحرووم بووە

موخلیسیش بە هەمان شێوەی شاعیرەکانیتر گومانی لەو بەهەشتە هەیە کە ئیسلام باسی ئەکات، ئەوەتە پێی وایە کە ئەکرێت کافر بچێتە بەهەشت، لێکچواندنی روومەتی خۆشەویست بە بەهەشت لە دوو لاوە کوفرە، لەلایەک بچوک کردنەوەی بەهەشت و هێنانە ئاستی روومەتی یار، لەلایەکیتر گەیشتن بە روومەت گەیشتنە بە بەهەشت، کەواتە ئەکرێت موخلیسیش لەدەرەوەی باوڕی ئیسلام خۆی بگەێنێت بە رووومەتی یار و لە دونیا چوونە بەهەشتی خۆی مسۆگەر بکات، لەولاوەش پێی وایە ئەگەر کافریش بێت ئەوا ئەکرێت بچێتە بەهەشت وەک چۆن خاڵی کافر چۆتە بەهەشتی رووومەت.

## ئەدەب ئەڵێ:

### تا جان لە بەدەن دایە ئەدەب تۆ دەپەرستێ
### زناری ملم زوڵفی خەمت قیبلەمە غەبغەب

ئەمەی ئەدەبیش کوفرێکی رون و ئاشکرایە کە لە نیو دێری یەکەم بە نادیاری باس لە پەرستنێک ئەکات لە نیو دێری دووەم بۆمان دەرئەکەوێت کە ئەوە پەرستنی خۆشەویستە، ئەمجارەش قیبلەی ئەدەب لە جیاتی کەعبە و مەکە ئەبێت بە غەبغەب.

## حاجی قادری کۆیی ئەڵێ:

### هەڵی دا زوڵفی چەوگانی کوڕەی خورشیدی دا بەرشەق
### کە دایدا چی مەلائک بوو لە گەردوون هاتە سەر ئەرزی

حاجی قادریش وەکو شاعیرەکانیتری کلاسیکی کوردی لە ناو شعرەکانی ئەم کوفرە جوانانە دەرئەکەون، ئەلێرە حاجی قادر بە گەورەیەکی وا باس لە خۆشەویستەکەی ئەکات ئەیخاتە سەروی هەموو مەلائیکەتەکان و وەک موعجیزە باسی لێوە ئەکات، رەنگە بڵێن ئەوەتە حاجی قادر ناوی مەلائیکەت دێنێت کەواتە باوڕی هەبووە، بەڵام ئێمە ئەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە حاجی چۆن باسی ئەکات، حاجی پێی وایە لەگەڵ هەڵدانی زوڵفی یارەکەی هەرچی مەلائیکەت لە گەردوون هەن دێن بۆ سەر ئەرزی، وەک ئەوەی کە هەموو مەلائیکەتەکانی گەردوون لەژێر دەسەڵاتی خۆشەویستەکەی حاجی دابن و لەگەڵ هەڵدانێکی زوڵفی هەر هەمووی روو لە زەوی بکات، هەرچی ئیسلامە ئێمە وا فێر دەکات کە مەلائیکەتەکان کاریان تەنها خودا پەرستیە و بە دوورن لە ئەو حەز و ویستانەی مرۆڤ، وە وەک

مرۆڤ غەریزەیان نیە و هیچ شتێک لە پەرستنی الله دایاننابڕێت، کەچی حاجی پێیوایە کە یارەکەی زوڵفی هەڵئەدات ئەم مەلائیکەتانە هەمووی دێنە سەر ئەرزی، ئەوەش ئەوەمان پیشان ئەدات کە مەلائیکەتانی هەموو گەردوون بەردەوام لە دیار زوڵفی یارەکەی ئەون و هەر کاتێک یارەکەی زوڵفی هەڵدات ئەوانیش دەستبەرداری هەموو شتێک ئەبن و روو ئەکەنە سەر ئەرزی، بەمەش مەلائیکەتەکان لەگەل هەموو زوڵف هەڵدانێک لە خودا یان الله پەرستی دائەبڕێن و دینە سەر ئەرزی، جا ئێوە بڵێن ئەبێت ئەم مەلائیکەتانە رۆژی چەند جار دەست لە الله پەرستی بەربدەن و بێنە سەر ئەرزی؟؟؟

## دیسان حاجی قادر:

## کە شەیتان تاقی محرابی برۆی تۆی دی گوتی یارەب

## لە سوجدەی حەزرەتی ئادەم سەری خۆم بۆچی باداوە ؟

ئەم باس و چیرۆکەی الله و شەیتان زۆر تێبینی جیاوازی لەسەر هەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا نامانهەوێت باسەکەمان بۆ رەهەندە جیاوازەکانی ئەم چیرۆکە ببەین، ئێمە لێرەدا ئەو کوفرە جوانەی حاجی قادر ئەخەینە روو، شەیتان بە بوونی ئەو هەموو زانیاریە زۆرەی سەبارەت بە الله و کار و کردەوە و سیفەت و رەوشتەکانی (ئەوا بەپێی تێگەیشتنی ئیسلام) کەچی لە فەرمایشتی الله دەرئەچێت و سوژدە بۆ گەورەیی و تایبەت مەندی ئادەم نابات، ئەکەوێتە بەر نەفرەتی الله، دوای ئەو هەموو زەمەنە شەیتان شتێک وای لێناکات کە پەشێمان بێتەوە، بە هاتنی ئەو هەموو پێغەمبەرە و ئەو هەموو معجیزەیەی کە ئیسلام باسی لێوە ئەکات هیچی وا لە شەیتان ناکات پەشێمان ببێتەوە، لە ناویاندا هاتنی ئیسلام و خودی محمدیش وا لە شەیتان ناکات کە پەشێمان ببێتەوە، کەچی کە ئەم شەیتانە تاقی محرابی برۆی خۆشەویستەکەی حاجی ئەبینێت یەکسەر پەشێمان ئەبێتەوە و ئەڵێت یارەب لە سوجدەی حەزرەتی ئادام بۆچی سەری خۆم باداوە، ئایا ئەوە کوفر نیە حاجی ئەیکات، ئایا ئەوە مانای ئەوە نیە کە لای حاجی خۆشەویستەکەی لەسەروی هەموو دین و پێغەمبەرەکانە، ئایا حاجی بە ئاشکرا پێمان ناڵێت کە خۆشەویستەکەی من لە هەموو دین و پێغەمبەرێک کاریگەرترە ئەوەتە شەیتانیش پەشێمان ئەکاتەوە، لە کاتێک ئیسلام وامان فێر ئەکات کە تا رۆژی سەلا واتە تا قیامەت هیچ شتێک نیە شەیتان پەشێمان بکاتەوە و ئەبێت تا رۆژی قیامەت شەیتان لە ژێر ئەو نەفرەتە دەرنەیەت، یان حاجی دەیەوێت لە لایەکیتر پێمان بڵێت ئێستا شەیتان هەمان شەیتانی جاران نیە ئەوەتە تاقی برۆی یارەکەمی دیوە و پەشێمان بۆتەوە، ئەم کوفرانە جوانیەکەیان لەوەیە کە بە پیرۆزکردنی یار یان خۆسەویست پیرۆزیەکانی الله و ئیسلام تێکئەشێنن.

## دیسان حاجی قادر:

## مریدان مەست و سەرخۆشن لە نەشئەی بادەیی دەستی

## ملائک جوملە بێ هۆشن لە نازی چاوی پڕ رەمزی

دەی ئەلێرەش پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات، هەر ئەوەندە نەبێت کە بڵێین حاجی بەوە نەوەستاوە کە مەلائیکەتان بۆ یارەکەی دێنە سەر ئەرزی بەلکو لێرە پێیوایە کە هەر هەموویان بێهۆشن لەبەر نازی چاوی پڕ رەمزی، جا کەسێک پێیوابێت کە نازی چاوی یارەکەی مەلائیک بێهۆش ئەکات ئەوە چ ئیسلامێکە، هەر خۆی باوڕ بوون بە بێهۆشی مەلائیکەتان کوفریکی ئاشکرا و زەقە.

## سەی یاقۆ ئەڵێ:

## تۆ هەر های لەوێر محراب و مەنبەر

## من هەر هام لەوێر زوڵف بۆ عەنبەر

## ئەوسا لەو دنیا خودا شاهیدەن

## حەق وە سەی یاقۆ یا وە زاهیدەن

سەی یاقۆش وەک شاعرێکی کلاسکی کورد لەم دوو نمونەیە کفرە جوانەکانی ئەخەینە روو، سەی یاقۆ لەم چوارینە بەراوردێک لە نێوان خۆی و زاهیدەکان ئەکات، واتە ئەو کەسانەی کە ژیانی خۆیان لە میحراب و مەنبەرەکان بۆ نوێژ و الله پەرستی تەرخان کردووە، لەم بەراوردە سەی یاقۆ بە ئاشکرا پێمان ئەڵێت کە ئەو هەموو کاتەکانی لەبۆ

یارەکەیەتی هەر خەریکی عەنبەرەکەیتی هەر لە وێر زوڵفی خۆشەویستەکەیتی، وەک ئەوەی کە سەی یاقۆ ئاگای لە مەنبەر و میحراب نیە تەواو بە پێچەوانەی زاهید، بەڵام لەگەڵ ئەوەش پێی وایە کە لەو دونیا واتە لە زیندوو بوونەوە یان بابڵێین لە قیامەت حەق ئەدرێت بە سەی یاقۆ، ئەمەش تەواو لە دەرەوەی شەریعەت و بیروباوڕی ئیسلامە، لە هیچ جێگایەک ئیسلام پێمان ناڵێت کە هەر خەریکی یار و خۆشەویست و زوڵف و عەنبەر بین تا لە قیامەت حەق بە ئێمە بێت، بەڵکو بە پێچەوانە ئیسلام وامان فێر ئەکات کە ئەم حەزانە کاتین و دونیاین، تا بۆمان بکرێت خۆمانی لێبپارێزین، لە زۆر رافە و لێکدانەوەش ئەم جۆرە خەریک بوونە بە لەزەتی دونیا و باسکردن و تەشویقکردنی خەلکیتر بۆی بە کوفر ئەژمێردرێت، سەی یاقۆ وامان فێر ئەکات کە ئێمە وەک زاهیدان نەبین هەر خەریکی نوێژ و عیبادەت بین بەلکو بە پێچەوانە با هەر خەریکی یار و خۆشەویست بین تا لە قیامەت حەق بەدەست بێنین، ئەمەش وەک ئەوە وایە کە سەی یاقۆ باسی دینێکیتر بکات تەواو جیاواز لە ئیسلام، ئایا ئەوە کوفر نیە؟؟؟

## دیسان سەی یاقۆ:

### سەید ! وەکەلام ! غەیر لە خەت ئەبرۆی دوڵبەر

### مەیلم نە وە مزگەوت، نە وە میرا و کناوە

ئەمەش بەلگەیەکیتر بۆ دوور کەوتنەوەی سەی یاقۆ لە مزگەوت، بەڵام باوڕیش بەوە ناهێنێت کە بچێت روو لە مەسیحیەت یان جولەکەیی بکات، بەلکو روو لە خەتی ئەبرۆی یارەکەی ئەکات، کەواتە دینی سەی یاقۆ یارە، دڵبەرە، عشقە، خۆشەویستیە، نەوەک ئەو دینانەی کە خودا پەرستین و پەرسگاکان وەک مزگەوت و میرا و کناوەن.

## شێخ رەزا ئەڵێ:

### شێخ دەگۆڕێتەوە گەر چاوی بە زوڵفت بکەوێ

### خەرقە و سبحە بە زننار و کلیساو و سەلیب

هەرچی شێخ رەزایە لە دین وەرئەگەڕێت و ئەبێت بە مەسیحی، دیارە لێرەدا خۆشەویست و یاری شێخ رەزا مەسیحی بووە بۆیە کە زوڵفەکەی ئەبینێت ئەوا خەرقە و سبحەکەی بە زننار و کەلیسا و سەلیب ئەگۆڕێتەوە یان وا دیارە شێخ رەزا لە بینینی زوڵفی یارەکەی راستی و دین لە مەسیحیەت ئەبینێت یان رەنگە مەسیحیەت لە زوڵفی یارەکەی ببینێت، بە هەموو حالەکان شێخ رەزا بە بینینی زوڵفی یارەکەی ئیسلامەکەی بە مەسیحیەت ئەگۆڕێتەوە و لە دین وەرئەگەڕێت.

## ئەحمەد موختار جاف ئەڵێ:

### ئەگەر روح و دڵ و ئیمان تەڵەب کا بیدەرێ عاشق

### کە تفلێ خوردە ساڵە، قەت دڵی ئەو یارە مەشکێنە

دیارە ئەو کوفرەی ئەحمەد موختاریش دیار و ئاشکرایە، وە رووی دەمیشی بۆ هەر هەموو عاشقانە، ئەحمەد موختار وامان فێر ئەکات کە هەموو شتێک لە پێناو عشق بکەین، هەموو شتێک بکەین بە دیاری بۆ یار هەتا ئەگەر ئەو یارە ئیمانیش داوا بکات کەسی عاشق ئەبێت دڵی یارەکەی نەشکێنێت و ئیمانەکەی پێبدات، لەکاتێکدا لە ئیسلام ئیمان لەسەروی هەموو شتێک دایە و مرۆڤی موسڵمان نابێت بە هیچ شێوەیەک ئیمانی لەدەست بدات خۆ ئیمان لەدەست دان واتە کافر بوون، ئەوا موختاریش زۆر بەبێ باکانە پێمان ئەڵێت کە ئیمانی داواکرد بیدەرێ، واتە دڵ رازی کردنی یار لای موختار لە سەروی ئیمان دایە.

## بێ کەس ئەڵێ:

### دەخیلم ئەی مانگ، قیبلەی دڵداران

### دەرمانی دەردی، دڵەی بیماران

ئەلێرەش بێکەس دەخالەت بۆ مانگ ئەبات و ئەیکات بە قیبلە بۆ دڵداران، ئەوەش لەلایەک دروستکردنی قیبلەیەکیترە و لەلایەکیتر جیاکردنەوەی دڵدارانە لە موسڵمانان، وەک ئەوەی پێمان بڵێت کە دڵداران وەک

موسڵمانان نین و قیبلەی دلداران کەعبە نیە بەلکو مانگە، وە خۆشی بە دڵدار زانیوە نەوەک موسڵمان بۆیە پەنا بۆ مانگ ئەبات و دەخیلی ئەبێت.

هەردی ئەڵێ:

دڵی گوڵزاری دڵداری و بەهەشتی خۆشەویستی بوو
وەکوو بتخانە مەیدانی بتی جوانی پەرستی بوو

ئەوە لێرەش دڵی هەردی بووە بە بتخانە و خەریکی بتی جوانی پەرستن بووە، بۆ هەر هەمووومان دیارە کە هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت بە بت و بتپەرستان چیە.

دیسان هەردی:

ئەو دڵەی وەک بت پەرستێ روو ئەکاتە چاوەکەت
نوێژ ئەکا بۆ تیشکی چاو و زوڵفە تێک ئاڵاوەکەت

ئەمجارە هەردی هەر بەوە ناوەستێت بەلکو لێرە بە ئاشکراتر باس لە شێوەی خۆی ئەکات کە وەک بتپەرستێک روو لە چاوی یارەکەی ئەکات وە نوێژەکانیشی بۆ تیشکی چاو و زوڵفی تێکئاڵاوە.

سالم ئەڵێ:

من ئەگەر تۆی پێ نەبینم چاوی تیژم بۆچی یە
باوڕم گەر پێت نەبێ ئیمان و دینم قەت نی یە

لەم نمونەیەشدا سالم ئیمان و دینی خۆی تەواو بە یارەکەی و بینینی یارەکەی بەستۆتەوە، وە پێی وایە کە یارەکەی لە پێش دین و ئیمان دایە ئەگەر باوڕی بە خۆشەویستەکەی نەبێت ئەوا دین و ئیمانیشی نیە، واتە لای سالم بنەمای دین و ئیمان قورئان و محمەد نیە بەلکو بینینی یارە.

بورهان جاهید ئەڵێ:

بڵێ بەو یارە شیرینەم لەسەر روو پەردە بالادا
ئەوەی هەم بوو لە دونیادا بە بەحری حوسنی ویم ادا

بورهان جاهید ئەڵێرە بە ئاشکرا دژایەتی حیجاب ئەکات ئەو حیجابەی کە ئیسلام بە فەرزی ئەزانێت و داوا لە پیاوان ئەکات کە ژن و کچەکانی خۆیان داپۆشن، کەچی بورهان بە پێچەوانەی ئیسلام داوای لادانی ئەم پەردە و حیجابە ئەکات، دیارە بۆ ئەمە نمونەی گەلێک زۆر هەن بەڵام وەک لە سەرەتا باسم کرد ئەم نووسینەی من تەنها باس لەو نمونە شعریانە ئەکات کە لە فەرهەنگی هەڵبەست هەن.

کەیفی ئەڵێ:

کافرە مەستە چاوەکەی غارەتی دین و دڵبەرە
پەرچەم و زوڵفە خاوەکەی، بێنی لە مسک و عەنبەرە

ئەوەش کەیفی بە ئاشکرا پێمان ئەڵێت کە چاوی مەستی یارەکەی کافرە و داگیرکەری دینە، ئەی ئەگەر کەیفی شاعیر تۆ باوڕت بە ئیسلام هەبێت چۆن کەسێکت خۆشدەوێت کە چاوە مەستەکانی کافرن؟ چۆن ئەبێت ئیسلام کافری خۆشبوێت لەکاتێک کە ئەم کافرە داگیرکەری دینە؟؟؟؟

مەجدی ئەڵێ:

سەبا بێنی ئەگەر بێنێ، لە زوڵفت دین و دڵ دێنێ
ولاکین کێ دڵ و دینی، لە بۆ عوشاقی تۆ ماوە

نووری وەشتی ئەڵێ:

سوێندم بەو چاوەی پەرستگای منە

بەو زوڵفە خاوەی نەخشی گەردنە

سەلام ئەڵێ:

شێتی تۆم بە جارێ لابەرە زنجیر و کۆت

بێ سەمەر بو سجدەکانم بردە بەر برۆت

ئەختەر ئەڵێ:

دەخیلت بم لە عوشاقت مەڕەنجە

دڵ و دینم فیدای ئەو لار و لەنجە

با ئەم چەند نمونەی سەرەوەش بەبێ هیچ قسە کەسەرکردنێک بۆ خوێنەر بەجێبمێنێت و هیوادارم کە بتواندرێت جارێکیتر لەلای خوێنەران خوێندنەوەی تایبەتی خۆیان بۆ هەر یەکێک لەم نمونانە بکەن و بزانن لای ئەوان جگە لە کوفری جوان چ واتایەکیتر ئەدەن.

هیوای ئەوە ئەخوازم کە ئەمە سەرەتایەک بێت بۆ خوێندنەوەیەکی بەرفرەوانتر بۆ شعری کلاسیکی کوردی و بتواندرێت خوێندنەوە بۆ یەکە یەکەی شاعیران بکرێت و هەر کەس لەلای خۆی بەدوای ئەم کوفرە جوانانە بگەڕێت.

رەنگە ئەمەش بەئاگا هینانەوەی ئیسلامەکان بێت بۆ ئەوەی جیتر پڕوپاگەندەی ئەوە نەکەن کە مللەتی کورد هەر لە زوەوە وە بە ویستی خۆی بووە بە ئیسلام یان جیتر پێمان نەڵێن ئەم شاعیرانەی بنەمای شعری کوردی ئیسلام بوونە و باوڕیەکی تەواویان بە ئیسلام بووە، پێم وایە بۆ ئیسلامیەکانیش کاتی ئەوە هاتووە گۆڕی ئەم شاعیرانە هەڵدەنەوە و جارێکیتر بە پێی شەریعەتی ئیسلام دادگایان بکەن و بە سزای شەرعیان بگەینن.